## منیش بەم شێوەیە بەرگری لە قەڵەمەکەی مەریوان هەڵبجەیی ئەکەم ، نووسەری پەرتووکی ( سیکس ، شەریعەت ، ژن لە ئیسلامدا )



مەحموود محەمەد عوسمان
m_o_osman@hotmail.com

هەرکاتێ بابەتێک دێتە پێشەوە لەسەر ئازادی ، لەسەر قەڵەمێک کە بوێرانە باس لە ئاین و مێژوو و شارستانیەت ئەکات ، و هەرکاتێ هێرشێکی نەیارانی رەخنە و ئازادی دەربڕین لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە ببینم یان ببیستم ، بەتایبەتی لەلایەنی ئیسلامی سیاسیەوە بێت ، و هەرکاتێ لە تویێ پارچە هەڵبەستێک تابلۆیەک ببینم کە قەسیدەکەی چوانکردبێ بۆ ئازادی ، یان هاوارکردنی کەسێکی ئاسایی لە کۆمەڵگە بشنەفم کە بە گوێرەی توانای لەتێگەیشتنی بۆ ئازادی تورە ئەبێ و خۆی ڕێک ئەخات بۆ پەیوەست بوون بە سەنگەری مەدەنی و ئازادیخوازان . ئەوا مێژوو و بوێران و خۆبەختکەران و خاوەن ئەندێشەکانم ئەکوێتە خەیاڵ ، کە بەرگریان کرد و هەر یەکێ بەگوێرەی زاڵبوونی بەسەر ئەو شێوازەی کە خیتابەکەی ئەگەیەنێ بۆ خوێنەر یان بیسەر ، بۆ ئامانجێک تەریب بێت لەگەڵ هۆی دۆزینەوەی بەدبەختی مرۆڤەکان . وئەو بۆێرانەم دێتە خەیاڵ کە فەنای خۆیانیان ئەهاتە پێش چاو بەڵام بەردەوام ئەبوون بۆ ئامادە کردنی مرۆڤ و مێژوی دوو بەرەم دێتە پێش چاو .

بەرەیەک پەنا بردن بۆ ئاسمان و سەپاندنی خەیاڵات و قەتیسکردنی ئینسان لە چوارچێوەیەک کە بێ ئیرادە و مەشلولی بکات بەرامبەر بیرکردنەوە و جیهان ناسین و خودناسین ، پشت بەستنی ئەم بەرەیە بە بڕگەیەکی مێژوو لە بەشێکی ئەم کەونە و پشت بەستن بە دەسەڵات و دامو دەزگای ڕەسمی وناڕەسمی وماوەنەدان بۆ بەهرەمەندبوون لە سەرچاوەکان یان لە تێگەیشتن بۆ ژیان و بەتوندی ڕێگردانان بەرامبەر بەدەستهێنانی پێویستییەکانی ژیان بەهەر بیانوویەک . ئەمانە و هەموو تێستەکانی ئاینی بێ وەڵامن بەرامبەر مێژووی مرۆڤ و مێژووی زەوی و زانست و سەرهەڵدانی زمان . ناچارن پەنا ببەن بۆ ئەم هێرشانە .

بەرەیەکی تر کە جوانترین لاپەڕەکانی مێژوویان نەخشاندووە بۆ حورمەتی مرۆڤ و بەهەر شێوەیەک تەقەلایان کرد کە مرۆڤ پێش ئەوەی وەک بوونێکی کۆمەڵایتی بەردەوام بێت لە بەشداریکردنی لەناو کۆمەڵگە . ئەبێ ڕێزی لێ بگیری نەک ئەو ڕێزەی کە باوە لە ژیانی کۆمەڵگەی فیودالیزمدا . ڕێز بەوەی مرۆڤ هیچ بەهایەکی ئینسانی لەدەست نەدا بۆ بەدەستهێنانی ئەو کەرەسەو پێویستیانە کە پاڵپشتە بۆ بەردەوام بوونی لە ژیانیدا ، تەنها توانای بخاتە گڕ و پێوەستیەکانیشی بۆ دابین بکرێ . تەنانت ئەگەر بە هەر هۆیەک بێت توانای وەک تواناي تاکەکانی تری کۆمەڵگە نەبێت ، لە ڕووی فیسۆلۆجی و لە ڕووی زهنی ، بەڵام ئەبێ بەهرەمەند بێت لە هەموو پێویستییەکان.

1– مەریوان هات بە چەکێکی هاوچەرخانە و بەگوێرەی نزیکبوون و بەهەرەمەندبوونی لە سەرچاوەکان ، ئەو پەرتووکەی نووسی . ئەم بووارە کە نووسینەکەی ئاماژەی بۆ ئەکات ، لە بنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی بارودۆخێکی تایبەتییە و کۆمەڵێ هۆی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری بەشداربووە لەسەر هەڵدانی و کۆمەڵێ تایبەتمەندەکانی ناوچەکەی پێوەدیارە . قسەکردن لەسەر ئەوە و ڕەخنە ئاراستەی ئەو تایبەتمەندییە بکرێ ، رەخنەیە دژ بە کۆمەڵێ تێگەیشتن کە بووتە کەلتوور و چووەتە خانەی موقەدەس و لەبنەڕەتدا هیچی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا جگە لە نەهامەتی بۆ کوردستان .

و پشتگیریکردنی ئەو شێوازە بیرکردنەوە کە مەریوان ڕەخنەی لێگردووە ، بەهێزکردنی دەسەڵاتی لەناوبردنی ئازادییە و بەرتەسکردنەوەی ئازادی تاکەکانە و نامەیەکە پڕ لە قاڵب دانی کۆمەڵگە .

2– مەریوان بەم نووسینەیە ئەبێ پاداش وەرگرێ لەو بوێرییەی کە بوێری نەزانین و بەشی ئیهانەکردن نییە ، بوێری جەسەد لەناو بردنیش نییە ، بەرامبەر نەیارانی کە ئەوان پەیڕەوی ئەکەن . بگرە بوێرییە بە پشت بەستن بەو

سەرچاوانەی کە ئەبووایە گۆشەیەکی زۆری هەبووایە لە ناو خوێنەرانی کوردی ، بەتایبەتی کە توانایان نەبێ لە ڕێگەی زمانی ترەوە پێشرەفتییەکانی گەلانی تر لەم بووارەدا ( مێژوو و ئاین و شارستانییەت ) بدۆزنەوە . و مەریوانیش هاتووە ئەم سەرچاوانەی بەکاری هێناوە و بە ئامەدە بوونی بیر و تێڕوانینی خودی مەریوان ، و ئەوەی ئامادە کرد و خوێنەری بەئاگای هێنا ، کە زۆر ماوەی ڕۆشنکردنەوە و بیرکردنەوەمان هەیە و زۆر ئەتوانین لە ڕێگەی ئەم سەرچاوانەوە بزانین کە شتێ نییە لەم دونییایەدا چگە لە بیری مرۆڤ و پێوەندی مرۆڤ بە دەوربەری .
و موقەدەسەکانیش زمانن و زمانیش بۆمان هەیە بڵێن ، کۆمەڵگە شوێن و مەئوای زمانە .هیچ مەودایەکی ڕێکخستنی کۆمەڵگە کە پێناسە ئەکرێ بە سستمی بەرێوەبردن لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ئینسانەکان دەرناچێ کە ڕەنگدانەوەی کێشمەکێشە ئابووری و کۆمەڵایتییەکانە و ڕەخنە لەم مەودا فیکریە ئەبێ بەردەوام بێ و بپارێزرێ .
3-مەریوانیان نەخوێندەوە و چەکی سەدە کۆنەکانیان هێنا بۆ خوێندنەوەی مەریوان ، چەکی هەرەشەو و وەڵام نەدانەوە بە شێوەی مەعریفی، چەکی پاڵپشتی ئەو دەستوورەیان بەکار هێنا کە سەردەمێکە موفەکیران و خاوەن تێڕوانینەکان دژ بەو چەکە وەستان و هاواریان کرد مرۆڤ توانای هەیە بەهەشت لەم دۆنیایەدا درووست بکات و پێویستی بە گوڵ و بەری خەیاڵی نییە .
و هەر هەمان ئاواز لێ ئەدەن بۆ بێگیان کردنی خەونەکانی مرۆڤ و بەرپەرچدانەوەی هەر (نا )یەک کە بڵێ ئەمە لەگەڵ ئەم سەردەمە نایەتەوە و لەگەڵ بیرکردنەوە و مەسەلەکانی دوور لەم کەونە نایەتەوە ، کە مرۆڤ لەسەردەمێکدا یان لە ساتە بیرکردنەوەکانی لە زهنی خۆی دروستی کردووە و پاشان ئەیەوی بیکاتە سستمێک بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە .

خەڵکی ئازادیخواز و سەر بە عەلمانییەتیش و خوێنەرەی ئەم جۆرە تێستانە بەتایبەتی لە دەرەوە ، زۆرێ لە وانیش ئەم پەرتووکەیان نەخوێندووەتەوە . بەڵام ئەمان ئامادەن بەرگری لە ئازادی قەڵەم بکەن و ئامادەن بیخوێننەوە ئەگەر دەستیان بکەوێ و پشتگیری لە ئازادی تاکە کەس بکەن بەهەر شێوەیەک کە لە توانایاندا هەیە .
ئەمەیش سەری هەڵدا و دەرکەوت چۆن خوازیاری ئازادی و یارمەتیدانی مەریوان بوون و بۆ ئازادی .
4 _ ئەم ڕێگرتنە لە مەودا نەدان بە هاتنە مەیدانی بیروڕای ئازادی بەو شێوە ناشرینە بەشێکی ئەگەرێتەوە بۆ لایەنی ڕەخنە لە ئاین و شارستانییتەکان و مێژووی سەرهەڵدانی ئاین لە مێژووی مەعرفی کوردستان .

ئەم جۆرە ڕەخنانە زۆر کەم بووە ولە دەیەی هەشتاکان بە کەمی و پاشان لە دەیەی نەوەتەکان دەستی پێکردووە لە کوردستاندا . بەڵام بوونی ئەم جۆرە لێکدانانەوە لە لایەن گەلانی ناوچە بە زۆری دەر ئەکەوت و بە سەدان شێوە توانیان قسەی خۆیان هەبێ لە پێش پەنجاکانەو و پاشان بەزۆرریش هاتە مەیدانی مەعرفی لە هەفتاکان و تا ئێستە . وە نوسەرانی ئەرەبی بە بوێرانە هاتنە مەیدان زۆریان گیانیان لەدەست دا لە پێناو گەیاندنی ئەو پەیامە کە مرۆڤ مافێ خۆیەتی چۆن بەرامبەر جیهانی دوور لە زانست تێ ئەگات و هەر تێش ئەگات .
بڕوانە تاها حوسێن و مەحمود محەمەد تەها و فەرج فۆدە و سادق جەلال العەزم و تایب تزینی و حوسین مروە و نەوال سەعداوی وعەلی وەردی وفالح مەهدی و مهدی عامل و محمود قمنی و کامل النجار و مهدی نجار و سەدانی تر .
و چەندێ لەم پیرمەندانە گیانیان بەخت کرد ، تەنها لەبەر ئەوەی ڕەخنەیان هەبوو دژ بە ئاینی ئیسلام ، و پێشرەفتییان کردووە لەم بووارەدا و تەمەنێکە ئەو تێستانەیان داوەتە بەر ڕەخنەی قەلەمێک کە لە کۆمەڵگەوە سەری هەڵدا . و بە شێوەکانی تری دەربڕینیش بەشداریان کرد لە بەشداری کردن لە بزووتنەوە ئازادی خواز و عەلمانییەت و یەکسانی خواز . بەرهەمەکانیان ناهاتوونەتە ناو کۆمەڵگەی کوردی و خوێنەری گشتی دوور بووە لەمان بە هەر هۆیەک بێت . تەنها نوخبە بەهەرمەند بوون لەم جۆرە بەرهەمانە . و نووسەرە بوێرەکانی کوردستانیش جێگەی شانازییە کە لەم بووارەدا شوێنی دەستیان دیارە ، بەتایبەتی لە کۆتایی هەشتاکان و نەوەتەکان .
هەروەها بەشی لایەنگرێ ئاین و خاوەن قەڵەمەکانی کە ڕێگرن بەرامبەر بڵاو بوونەوەی ئەم بەرهەمانە ، ئەوانیش هیچ ڕەخنەیەکیان لەو جۆرە تەوەجهە نەگردووە ، مەبەستم دژ بە کەسانی عەلمانییەت . ئەوان ئاگاهانە نەیانگردوە ، بۆ بڵاو نەبوونی و لە بنەڕەتیشتا سەرقاڵی خوێندنەوە ئەو بەرهەمانە نین .

چونکە زۆر لەو بەرهەمانەی کە بێ بڕوایان لە سەردەمەکانی عەباسی و سەردەمەکانی تر کە مەشکوک بوون لە خالق و قسەکانی خالق . ئەو بەرهەمانە نەماون بەڵام لەڕێگەی خوێندنەوە و رەخنە زۆرێک لەو دەقانە ئێستە ئێمە لێ بەهرەمەندین .

5_ بڵاو نەبوونەوەی ئەو سەرچاوانە و بەرهەمی ئەوانەی کە پشتگیری ئەکەن لە خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ مێژوو و ئایین . وای کردووە تەنانەت لایەنگرانی ئیسلامی پەنا بۆ هەندێ لەو نووسینانە ببەن بۆ بەکار هێنانیان بۆ شێواندن و خۆدەرخستنیان بە لایەنگری ڕەخنە ، گوایە زۆرێک لەو نووسەرانە بە شانو و باڵای ئیسلامیان هەڵداوە .بەڵام هیچ دەنگێکی نارەزایەتی نییە ، بەتایبەتی لەلایەن دەسەڵاتەوە یان لەو بەرنامانەی کە بۆ ئەم مەسەلانە ئەروژێنن ، بڵی تۆ هەڵەیت و ئەوە بەرهەمەکەیە . جونکە وەک وتم ئەوانە نەگەیشتووتە دەستی خوێنەر . نموونە زۆرە بەڵام نزیکترین نموونە هەفتەی رابردوو لە تەلەفزیۆنی زاگرۆزەوە مەلایەکیان هێنا بوو لە توێی باسەکانی بۆ کێشەکەی مەریوان ئاماژەی بە نووسینەکانی ویل دیورانت ( قصە الحضارە ) کرد کە لە 32 بەرگدا باس لە شارەستانییەت ئەکات . یان نەیخوێندووەتەو یان ئەیەوی ئەو ئامانجە بپێکێ کە باسم کرد . ئەگینا ئەو بەشەی کە باس لە سەرهەڵدانی ئیسلام ئەکات و باسی محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام ئەکات . ئەگەر بەشی 13( وابزانم ) وەربگێرێتە سەر زمانی کوردی ئەوە نەک هەر وەرەگێرەکە بەر ئەم هێرشە دڕندانەی ئیسلامی ئەکەوێ ، بگرە دام و دەزگای چاپکردنیش زەرەری پێ ئەگەیەنن . ئاخر نەک بە کوردی بگرە بە زمانی ئەربیش ئنشودەیەکێ دانتیان بچڕاندووە وە لە چاپەکەدا نییە بەوەی کە بە نزمی باسی پیاوانی ئاینی ئەکات ، ئەوەندە ئەو تێبینییە نامەکەی دانتی گەیاندووە ئەگەر خودی ئنشودەکە بنووسرایە رەنگە بەو شێوە خێراییە پەیامەکەی نەگەیاندبێ

6 _ هەلوێستی دەسەڵات وەیاخود وەک زمانێکی ئەکادیمی بڵێن سیاسەتی دەسەڵات لەرێگەی میدیا و دام و دەزگاکانی دەسەڵات و پێوەندییەکانی و قسەکەرانی بۆ خەڵک و دەرەوە رۆشن ئەبێتەوە . لە رێگەی هەڵسو کەوتوو و سەنگەرگردنی لایەنگرانی ئەو ئەحزابانە کە دەسەڵاتیان درووست کردووە ، ناچێتە خانەی سیاسەتی دەسەڵاتەوە ، و هیچ کات لەسەر دەسەڵات نانووسرێ بۆ فلانە هەلوێستی یان فلانە پێوەندی کە رەنگە توڕە بوونێک لای لایەنگرانی درووست بکات .

و ڕەنگە ئەو کەسانەی یان لاینگرانەی دەسەڵات ، تێڕوانینی خۆیان هەبێ بۆ سەر زۆر رووداو و ڕەنگیشە لە پلەیەکی بەرز یان نزیک بن لە ناوەندی بڕیاردانەوە . بەڵام ناتوانن کار بکەنە سەر دەسەڵات بۆ هەڵوێستە وەرگردن لەمەڕ کێشەکی سیاسی یان کێشەیەک بێت کە بووتە قسەی ڕۆژانە و لە بازنەی ڕۆشنبیران و نوخبەوە دەرچووە و رووە کۆمەڵگە شوێنی گردووە ، وەک ئەم مەسەلەیە کە من لێ ئەدوێم کێشەی ئازادی مەریوان .

ئەمە نیشانەی ئەوەیە یان بە مەخزایەکی تر، ئەوە ئەگەیەنێ ،سیمای وڵات کە لە دەسەڵاتی ئەحزاب خۆی پێناسە ئەکات دوورە لە هاووڵاتی و تەریب نابێ لەگەل هیواو ئارەزووکانی هاووڵاتی . لایەنێک مەریوان و خەڵکی ئازادی خواز و عەلمانییەت و پشت بەستن بە بەرەیەکی فراوان کە خۆازیاری ژیانێکی موتەرقین و تا هەنووکە نەهاتوونەتە مەیدان وەک بەرەیەک پشتگیری خۆی راگەینێی و بێلایەن نەبێ کاتێک بەها ئینسانییەکان ئەکەوێتە مەترسییەوەو وەک دانتی ئەلێ ، و ئەم بەرەیە چاوەڕێ ئەوە نەکات ، بانگەوازی بۆ بکرێ بگرە ڕۆژانە و لەناو کۆمەڵگە بوونی هەبێ و ئاگایانە بەرگری بکات لە بەها ئینسانییەکان .

ولایەنێک کە دەسەڵاتە و موجامەلەی ئەو رەوتە دواکەوتووانە ئەکات کە رێگرن بەرامبەر بیری ئازاد . و بەشێوەی رەسمی بەرگری خۆی رانەگەیاند بۆ پاڵپشتی مەریوان و زەحمەتیشە رایگەیەنێ . وتەنانەت بێلاینیش نییە لەم کێشەی مەریوان کە کێشەی ئازادی قەڵەم و خامەیە .